www.kurdistannet.org

خۆزگە دڵ و شێوەی تێڕوانینی یەکێتی و پارتی، هێندەی کوردستان نێت گەورە و کراوە بوایە..          ئەفسانە

هەرچەندە ناکرێت ماڵپەڕێکی کوردی و پارتێکی کوردی بەراوردبکریت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر جار لەدڵی خۆمدا ئاواتەخوازبووم کە پارتە گەورەکان هێندەی کوردستان نێت مێشک و دڵیان کراوە بوایە.. لەڕاستیدا ناهەقیشم نیە کە تاوناتاوێک ئەو خەیاڵە بە مێشکمدا دێت و دەڕوات..

یەکەمین لایەنی خۆزگەکەم بەهۆی ئەو ماندوو بوونەی کاکە عومەر فارسەوەیە.. بەهەق هەر کەسێک لەبواری ماڵپەڕدا کەمێک شارەزایی هەبێت دەزانێت نوێکردنەوەی ڕۆژانە و کارکردن لە ماڵپەڕێکی ئاوهادا چەندە کات و ماندوبوونی دەوێت.. لەسەروئەوەشەوە قەت نەمانبیست بیکاتە منەت و بەچاوی کوردیدا بداتەوە.. بەڵام جێی سەرنجە هەرئەوەندەی پارتە کوردیەکان پردێک، قوتابخانەیەک، پرۆژەیەک لەسەر پارەی گەل دەکەنەوە، دەبێت هەزارویەک کەڕەت لە ڕۆژنامە و گۆڤار و تەلەفیزۆنەکاندا بیخەنەوە بەرچاومان و پۆزی پێوە لێبدەن.. وەک ئەوەی شتێکی هەر زۆر گرنگ و بێوێنەیان کردبێت.. بێگومان ئەگەر لایەنی گزی و فزیەکەی وازلێبهێنین، هەموو ئەو پرۆژانە جوانن و بەسودن، بەڵام لەڕاستیدا هەر هەموو ئەوانە دەکەونە قاڵبی ئەرکەکانی حوکمەتەوە، واتە ئەرکی سەرشانی حوکمەتە کە بەبێ بەرامبەر قوتابخانە بکاتەوە، کە خەستەخانە بنیات بنێ، کە خزمەت گوزاری پێشکەشی خەڵک بکات، کە دەفتەر و کتێب و قەڵەم بۆ خوێندکاران دەستەبەربکات، کە ئاسایش ڕابگرێت، کە ڕێز لە مافە مەدەنیەکان بگرێت و نەهێڵێت پێشێل بکرێن، کە نەهێڵێت کەس بەناهەق مافی کەسی تربخوات، کە ڕێگا بە گەندەڵی نەدات.. و هتد.. بەداخەوە و هەزاران جار بەداخەوە تا ئێستاکە هەموو ئەوانە بەپێی پێویست نەبینراون..

دوهەمین خاڵی خۆزگەکەم ئەو شێوەیەیە کە کوردستان نێت مامەڵە لەگەڵ ئەو ڕەخنانەدا دەکات کە ڕوبەڕووی ماڵپەڕەکەی دەکەن.. بێ سێ و دوو هەموویان دەخاتەڕوو و هەروەک هەموو نوسینێکی تر ڕێزیان لێدەگرێت و لەو بڕوایەشدام ئەگەر ڕەخنەکەیان بە ڕاست بزانێت، دەمودەست هەوڵی ڕاستکردنەوەی دەدات.. بەڵام ڕەخنە گرتن لە دەسەڵات تاڕادەیەک شتێکی نەگونجاوە و هەزاری بە پولێک.. لەگەڵ ڕێزمدا وەک ئەوە وایە ڕەخنە لە دارودیوار بگریت، لە هەردوو حاڵەتەکەدا هیچ نابیستیتەوە.. هیچ هەنگاوێکی دیار بۆ چارەکردنی هەڵناهێنرێت.. بۆ نمونە کە لە چەند لایەکەوە خەڵکی دەڵێن گەندەڵی خەریکە بمانخوات و دەسەڵات تکایە چارەیەکی بۆ بدۆزنەوە، لەباشترین حاڵەتدا مەسئولێکی بچکۆلە دەردەکەن، لەکاتێکدا خۆشیان دەزانن کە سەرچاوەی گەندەڵیە هەرە مەزنەکە لەناو بەرپرسە هەرە گەورەکاندایە، ئەوانەش بێگومان لێپرسینەوە نایانگرێتەوە..

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

من خۆم کەسێکی ڕەشبین نیم، بەڵام بەڕاستی گەر وابڕوات پێشبینی دوو حاڵەت دەکەم؛ یان پاش ماوەیەکی تر دیکتاتۆرێکی کوردیمان لێ قوت دەبێتەوە.. یان خەڵکی چیتر باوەڕیان بە پەیمان و قسەوقسەڵۆکی دەسەڵات نامێنێت و بەشێوەیەک لە شێوەکان لێی هەڵدەگەڕێنەوە.. هەڵبەتە هەر کەسێک کە بە ئەقڵ بیربکاتەوە ڕون وئاشکرا دەبینێت کە هیچ یەکێک لەو حاڵەتانە لە بەرژەوەندی کوردا نیە و هەردووکی وەک یەک ماڵوێرانی و قوڕبەسەری کورد هەزاران هێندەی تر زیاددەکات و خەونە ڕەواکانی کورد سەدان ئەوەندەی تر دوردەخاتەوە..

سێهەمین خاڵ لە کوردستان نێتدا کە سەرنجم ڕادەکێشێت فرەلایەنی بیرکردنەوە و باوەڕبوونە بە بیروڕای جیاواز و تێڕوانینی جیاواز، واتە بەکورتی و کوردی کەسە جیاوازەکان وەک خۆیان قبوڵ دەکات، بەداخەوە نمونەی ئەمەشیان تا ئێستاکە بەپێی پێویست لە هیچ پارتێکی گەورەی کوردیدا بەشێوەیەکی دیار نابینرێت.. بگرە لە هەندێ حاڵەتدا ئەگەر کەسێک بەشێوەیەکی سەربەخۆ بیربکاتەوە و بیروڕای خۆی بەشێوەیەک دەرببڕێت کە لەگەڵ بەرژەوەندی و بنەمای بیروڕای پارتەکەیدا نەیەتەوە، ئەوا ڕاستەوخۆ ئاکامی کارەکەی بەسەردا دەشکێننەوە.. هەروەک بۆ نمونە دەرکردنی وەزیری ڕۆشنبیری.. تەنها لەسەر ئەوەی کە دەڵێت "من باوەڕم بەم دەستورە نیە، چونکە مافی چارەنوسی کوردی تێدا نابینم".. من بومایە لەبری بەرپرسانی یەکێتی هەر بۆ ڕیکلامەش بوایە دەمکردە هەڵا و بە ئاشکرا دەموت "خەڵکینە ئێمە پارتێکی مۆدێرنین و بڕوامان بە ئازادی تاکە کەس هەیە، لەبەرئەوە بەلامانەوە ئاساییە کە بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیری دەنگ بە دەستور نادات و بڕوایەکی جیاوازی هەیە.. بێگومان هەرچەندە وەکو پارتێک پێمان ناخۆشە وەزیرێک دژی بیروڕای ئێمە بێت، بەڵام ئەویش وەکو هەموو کەسێکی تری ئەم میلەتە ئازادە بە چ شێوەیەک بیردەکاتەوە و ئەوەش بەشێکە لەگەمەی دیموکراتی و سیاسی و دەبێت قبوڵبکرێت"...

لەڕاستیدا چەند خاڵێکی تریش سەرنجی ڕاکێشاوم، هەروەک هەڵوێست و خستنەڕوی بابەتی گرنگ و ڕاستگۆیی و دڵسۆزی بۆ کورد و ..هتد بەڵام بۆ ئێستا هێندە بەسە و ئەگەر خوانەخواستە دیوارەکە کەوتە قسە، ئەوسا باسی ئەوانی تریش دەکەین..

afsane1@myway.com

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com